Research Center

# زیانە جیاوازەکانی تەقاندنەوەی کۆگای گازی سرووشتی شلکراوەی کێڵگەی کۆرمۆر و بژاردەی دابینکردنی ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان

30-11-2025

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** هێرشە مووشەکییەکەی شەوی 26ی تشرینی دووەمی 2025 بۆ سەر کێڵگەی گازی کۆرمۆر بووەهۆی تەقاندنەوەی نوێترین کۆگای 65 هەزار بەرمیلی گازی شلکراوە وراگرتنی سەرچاوەی دابینکردنی گازی سرووشتی بۆ بەرهەمهێنانی ڕێژەی 80%ی کارەبای هەرێمی کوردستان و دابینکردنی 1200 مێگاوات کارەبا بۆ عێراق، بەڵام زیانەکانی تەنیا ئەو ملیۆنان دۆلارە نییە بەر تەقاندنەوەی کۆگاکە و تاریککردنی هەرێمی کوردستان کەوت، بەڵکوو زیانی کورتخایەن و درێژخایەنی بۆ سەر پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و عێراق دەبێت.

## بەرایی

هێرشە مووشەکییەکەی شەوی 26ی تشرینی دووەمی 2025 بۆ سەر کێڵگەی گازی کۆرمۆر بووەهۆی تەقاندنەوەی نوێترین کۆگای 65 هەزار بەرمیلی گازی شلکراوە وراگرتنی سەرچاوەی دابینکردنی گازی سرووشتی بۆ بەرهەمهێنانی ڕێژەی 80%ی کارەبای هەرێمی کوردستان و دابینکردنی 1200 مێگاوات کارەبا بۆ عێراق، بەڵام زیانەکانی تەنیا ئەو ملیۆنان دۆلارە نییە بەر تەقاندنەوەی کۆگاکە و تاریککردنی هەرێمی کوردستان کەوت، بەڵکوو زیانی کورتخایەن و درێژخایەنی بۆ سەر پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و عێراق دەبێت.

زیانە کورتخایەنەکانی وەک ڕاگرتنی تێکڕای بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی 520 ملێۆن پێی سێجا گازی سرووشتی ، 1500 تۆن گازی شلکراوە و سەروو 15 هەزار بەرمیل گازی کۆندینسەێت، پشکی کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان لە بۆرسەی ئەبوزەبی، تێچووە مادی و تەکنیکییەکانی بنیاتنانەوەی لەگەڵ کات بۆ بنیاتنانی کۆگایەکەی گازی شلکراوە دەکەین.

هەروەها، زیانە درێژخایەکانی وەک ژینگەی وەبەرهێنان، دابینکردنی ئاسایشی تیمی تەکەنیکی لە پیشەسازی نەوت و گاز، دابینکردنی ئاسایشی کۆمپانیاکان لە دەرەوە و هاندانی وەبەرهێنەران بۆ بەشداری لەم سێکتەرە دا.

پرسێکی گرنگیش ژینگەی کارکردنی پیشەسازی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی کەرتی وزە و گازە. ئایا هەرێمی کوردستان پێویستی بە کۆگای ستراتیژی بۆ گاز هەیە و، پێویستە دژە مووشەک بۆ کێڵگەی نەوت و گاز، ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و پیشەسازییە گەورەکان دابنرێت یان پێویستە کۆتایی بەو شتە بهێندرێت پێدەگوترێت میلیشای دەرەوەی یاسا لە عێراق؟

## زیانە ڕاستەوخۆکانی هێرشی سەر تەقاندنەوەی کۆگاکەی کێڵگەی کۆرمۆر چییە و چەندە؟

یەکێک لە زیانە ڕاستەخۆکان کۆگای گازی شلکراوەکەی کۆرمۆر کە بە موشەک کرایە ئامانج توانای هەڵگرتنی 65 هەزار بەرمیلی هەبوو کە بەنوێترین کەرەستەی پێشکەوتوو بەمدواییە تەواوکراوبوو. لەکاتی هێرشەکەدا ڕێژەی سەروو 10%ی تێدابووەو، نەک خۆی تواوەتەوە بەڵکوو هەموو ئەو ئامێر و پێوەرە پێشکەوتووانەی بۆ دانراوە سووتاوە و ئەوەشی ماوەتەوە وەک پاشماوەی پاش هێرشەکە بەکەڵک نایەت، کە ئەمەش زیانێکی ملیۆنان دۆلاری بۆ کۆمپانیاکە لێکەوتەوە.

هەروەها، لەکاتی هێرشەکەدا ڕێژەی سەروو 10٪ تێدابووە کە ئەو کارەساتەی لێکەوتەوە، ئەگەر نیوە یان زیاتر بوایە ئەوا زیانەکانی بەتەنیا مادی و بە سووتانی ئەو کۆگاوە نەدەوەستا.

زیانێکی دیکە لەڕووی کات و توانای تەکنیکی و هێنانی کەرەستەکانی کۆگاکەیە لەدەرەوە، بەپێی ڕاپۆرتی دانەگاز ساڵی 2008 دوای دوو ساڵ لە بەرهەمهێنانی گاز توانراوە یەکەکانی بەرهەمهێنانی گازی شلکراو بنیاتبنرێت.

زیانەکانی ڕاگرتنی بەرهەمهێنان زیاتر بووە لەو زیانە ئابووریەی بەر تەقاندنەوەی کۆگاکە کەوتووە، لەماوەی سێ ڕۆژی دوای هێرشەکە زیانێکی دیکەی گەورە بەر کۆمپانیاکە ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی گازی و سرووشتی و بەرهەمەکانی دیکە بووە. بۆ نموونە، بەپێی فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا، نرخی یەک هەزار پێی سێجا گاز 4.21 دۆلارە، نرخی یەک تۆن گازی شلکراوە 453 دۆلار، و نرخی گازی کۆندینسەێت سەروو 60دۆلارە، واتە ڕۆژانە کۆمپانیاکە سەروو 2.2 ملیۆن دۆلار بۆ گازی سرووشتی، 1 ملیۆن دۆلار بۆ کوندینسەێت و 670 هەزار دۆلار بۆ گازی شلکراوە lpg زیانەکانی بووە.

ئێستاش کە کۆمپانیاکە داوای گەرەنتییەکی نوسراو بۆ پاراستنی ژیانی کارمەندەکانیان و وەبەرهێنانەکەی لەحکومەتی عێراق دەکات بۆ بەردەوامیدان بە بەرهەمهێنانی گاز ئەوا سادەترین داواکارییە کە دەوڵەتێک بتوانێت دابینبکات.


## زیانی پشکەکان و تەکنیکی؛ کاریگەری درێژخایەنی لەسەر ژێنگەی وەبەرهێنانی دەرەکی

لەوکاتەوەی هێرشەکان بۆ سەر کێڵگەی کۆرمۆر زیادیکردووە، کە لەماوەی 2022-2025دا 11 هێرش بووە، کە دووانیان زیانی گیانی و مادی گەورەی لێکەوتووەتەوە، کە ئەگەر تەماشایەکی پشەکانی دانەگاز لە بۆرسەی ئەبۆزەبی بکەین ئەوا بەروونی کاریگەری ئەم

هێرشانە دەردەکەوێت. بۆ نموونە لە ئایاری 2022دا بەهای پشکەکانی 1.80 دەرهەمی ئیماراتی بووە، بەڵام کە لە 25ی تەمموز 2022دا بە درۆن هێرشی کراوەتەوەسەر بەهای شکێک دادەبەزێت بۆ یەک دەرهەمی ئیماراتی. ئیتر بە بەردەوامی هێرشەکان تاوەکو 26ی نیسان 2024 کە هێرشەکەی ئەمجارەیان 4 کەسی تێدا کوژرا، بەهای پشکەکان دابەزی بۆ 0.662 دەرهەمی ئیماراتی. ڕۆژی کردنەوەی بازاڕەکانیش لە 27ی تشرینی دووەمی 2024دا بەهای پشکەکانی 2.26٪ لەدەستدا و ئێستا بەهای هەر پشکیک 0.772 دەرهەمی ئیماراتییە وەکو لە گرافیکی خوارەوەدا هاتووە.

خاڵێکی دیکەش لە 15ی تشرینی دووەمی 2025دا کاتێک کۆمپانیاکە ڕایگەیاند کەوا کارەکانی پرۆژەی KM250 زووتر لە هەشت مانگ تەواوبووە و ئاستی بەرهەمهێنانی گاز لە چارەکی یەکەمی 2026 دا بەرێژەی 50٪ زیاد دەکات بەهای پشکەکانی گەشتە لە 0.761 دەرهەمی ئیماراتییەوە بەرزبووە بۆ 0.842 دەرهەم.

گرافیک: بەهای پشکەکانی دانەگاز لە بۆرسەی ئەبوزەبی 2022-2025



سەرچاوە، بۆرسەی ئەبوزەبی و ترەیدینگ ڤیو، ڕۆژی دەستخستنی داتاکان 28ی تشرینی دووەمی 2025

بڕیاریش بوو لە نێوەڕاستی مانگی داهاتوودا، کۆمپانیای دانەگاز بەفەرمی هەناردەکردنی گازی پرۆژەی KM250 بۆ نێو بۆرییەکانی گواستنەوە بۆ ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بکات نەوەکو ئێستا سەرقاڵی دەستکردنەوە بە بەرهەمهێنانی بڕی سەرەتای گاز و نوژەنکردنەوەی کۆگاکان و بنیاتنانی کۆگابێت.

ئەم زیانەی بە بەهای پشکی وەبەرهێنەرەکانی ئەم کۆمپانیایە لە بۆرسەی ئەبۆزەبی کاریگەری خۆی لەسەر وەبەرهێنەر و ئەوانەی لەم بازاڕەدا کار دەکەن و نادڵنیاییەکی گەورە بە بەهای پشکەکانی دەدەن بەهۆی پێشبینی نەکردن بۆ گۆڕانکارییەکان بەهۆی ئەم هێرشانەوە بۆ پشکەکان.

سەرەڕای بەرزکردنەوەی مەترسییەکانی وەبەرهێنان و کاریگەری لەسەر هاتنی کۆمپانیاکان بۆ وەبەرهێنان دەبێت، کەبەپێی ئیندێکسی وەبەرهێنانی دەرەکی عێراق زیاتر لەسێ ساڵە لەخوار سفرەوەیە.

خاڵێکی دیکەش، زیادبوونی تێچووی بەرهەمهێنانە بەهۆی زیادبوونی مەترسی لە تەندروستی کارمەندان و دابینکردنی ئاسایشی کۆمپانیاکە کە بەهۆی مەترسی بەرزبوونەوەی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکان بۆ سەر ئەم کێڵگەیە زیاد دەکات.

## بژاردەی کۆگای ستراتیژی یان کۆتایی میلیشیای دەرەوەی یاسا ؟

لەڕاستیدا، دوای ڕووداوەکە باس لەچارەسەری کۆگای ستراتیژی و دابینکردنی سیستەمی بەرگری دژە مووشەک و درۆن بۆ کێڵگەکە کراوە، لەرووی کۆگای ستراتیژییەوە ئەم پرۆژەیە بەسەرمایەی زیاتر لە 4 ملیار دۆلار وەرهێنانی تێداکراوە و بۆخۆی گەورەترین کۆگای ستراتیژییە نەوەک بەرهەمهێنان و دووبارە ناردنەوەی ژێر زەوی ، چونکە کۆگاکردنی ئەو گازەی ڕۆژانە بەرهەمدێت ئەگەر لە ڕووبەرێکدا کۆگا بکرێت ئەوا هێندەی 24 یاریگەی تۆپی پێیە لەرۆژێکدا، هەربۆیەش هیچ کۆگایەک لەسەر زەوی توانای کۆگاکردنی ڕۆژانە ئەو بڕەی نییە، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی بڕیارە لەنێوەڕاستی مانگی داهاتوودا بگاتە 750 ملیۆن پێی سێجا لەرۆژێکدا.

لەڕاستیدا، پێویستە ئەوەی پێدەوترێت میلیشیا بەپارەی دەوڵەت و ناوی لێنراوە میلیشیاکانی دەرەوەی یاسا و دەستکەوتنی ئەو جۆرە درۆن و بڕەتەقەمەنیانەی بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردەهێنرێت، کۆتایی پێبهینرێت، چونکە ژینگەی پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ناکرێت بکرێت بە ژینگەی پێشەوەی بەرەی جەنگ کەوا ئەندازیار و کەسانی تەکنیکی و مەدەنی تێدا کار دەکەن.

## کۆتایی

ساڵی ڕابردوو لەکاتی بەڕێوەچوونی گەڕی پێنج پلەس و شەشەمی گرێبەستەکانی نەوت و گاز لە عێراق، هەریەکە لە کۆمپانیاکانی کرێسنت پیترۆڵیۆم و ئیچ کەی ئین لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کێڵگەی نەوتی و گازییان بردەوە بۆ وەبەرهێنان تێدا.

بۆ نموونە دانەگاز و هاوبەشەکانی وەرگرتنی گرێبەستی هاوبەشی لە قازانج بۆ کێڵگەی گازی دیالە و کۆمپانیای ئیچ کەی ئین ئەمریکی وەرگرتنی گرێبەستی هاوبەشی لە قازانج بۆ کێڵگەی نەوتی و گازی حەمرین، کە ئەمەش والێکدانەوەی بۆ دەکرا کەوا درووستبوونی بەرژوەندی عێراق لەگەڵ ئەم کۆمپانیانە وادەکات کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کەمبێتەوە و ئیدی نەکرینە ئامانج، بەڵام هێشتا هێرشەکان بەردەوامن.

لەکۆتاییدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم کۆمپانیانە لەو شوێنانەی عێراق کە وەبەرهێنانیان کردووە دەکرێتە ئامانج یان تەنیا لەهەرێمی کوردستان؟